وزیری ئەتەمی ئێران: کەمکردنەوەی پێتاندنی یۆرانیەم پێویستە بە هەڵگرتنی سزاکانەوە



سەرکی ڕێکخراوی وزەی ئەتەمیی ئێران ڕایگەیاند، وەتەکەی ئامادەیە ئاستی پێتاندنی یۆرانیەم کەم بکاتەوە (ڕوونی بکاتەوە)، بەو مەرجەی وڵایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تەواوی سزاکانی سەر تاران هەڵبگرێت.

ئەم هەوڵستە نوێیە تاران ڕۆژی دووشەممە 2026-02-09، لە زاری محەممەد ئیسلامی، سەرکی ڕێکخراوی وزەی ئەتەمیی ئێرانەوە گواسترایەوە، ئەوەش دوای ئەوەی گەڕکی نوێی دانوستاندنەکان لەگەڵ واشنتن دەستی پێکردووەتەوە.

ئاژانسی هەواڵی فەرمیی ئێران (ئیرنا) بەاویکردەوە،محەممەد ئیسلامی لە وەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بە ئەگەری کەمکردنەوەی خەستیی یۆرانیەمی پێتێنراوی ئاستی 60٪ گوتوویەتی: "ئەمە بەستراوەتەوە بەوەی کە ئایا لە بەرامبەردا هەموو سزاکان هەڵدەگیرێن یان نا." هەرچەندە ئاماژەی بەوە نەکردووە مەبەستی تەنیا سزاکانی ئەمریکایە یان هەموو ئەو سزایانەی کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانیشەوە سەپێنراون.

پەسەی روونکردنەوەی یەرانیەم (Dilution Uranium) بە واتای تەکهەکەشکردنی یەرانیەمی خەستکراو دەت لەگەڵ مادەی دیکە بە کەمکردنەوەی ئاستی پیتاندنەکەی، تاوەکو بەرهەمە کەتایبەکە لەو سنوورە تەپەڕ نەکات کە بە دروستکردنی چەکی ئەتەمی پەویستە.

ئەم پەشنیازەی ئەران لە کاتەکدایە کە واشنتن لەم چەند رۆژەی رابردوودا لە عومان زنجیرەیەک دانوستاندنی ناڕاستەوخۆی لەگەڵ تاران کردووە، بەڵام هاوکات سزای نوەی بەسەر کەرتی نەوتی ئەو وەاتەدا سەپاندووە.